# ڕۆڵی تیکتۆک لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی گەنجان لەشاری سلێمانی

پ.ی.د. ڕێبەر گۆران مستەفا[1] م.ی. نەبەز احمد حسن[2] م.ی. دەشتی علی رشید[3]

[1] بەشی تەکنیکی میدیا- کۆلێجی تەکنیکی کارگێری- زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی ، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2] بەشی تەکنیکی میدیا- کۆلێجی تەکنیکی کارگێری- زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی ، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[3] بەشی باخچەی منداڵان- کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت- زانکۆی گەرمیان، گەرمیان ، هەرێمی کوردستان، عێراق.

---

**پوختە**

ئامانج لەم توێژینەوەیە ئەو ڕۆڵەیە کە تیکتۆک دەتوانێت بیگێڕێت لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی گەنجان لەشاری سلێمانی، ئەم توێژینەوەیە لەجۆری توێژینەوە وەصفیەکانە وپشت بەمیتۆدی ڕوپێو دەبەستێت بەرێکاری ڕاپرسی را بۆ سامپڵێکی ناهەرەمەکی مەبەستدار لەگەنجان لەشاری سلێمانی کەژمارەیان (١٥٠) گەنجە، هەروەها لەتوێژینەوەکەدا ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی داتا وزانیاری پەیوەست بەئامانجی توێژینەوەکە. توێژەران لەم توێژینەوەیەدا گەشتونەتە چەند ئەنجامێک لەوانە: ئاستی بەکارهێنانی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ ئەپڵیکەیشنی تیکتۆک بەرزە، ولەرۆژانەی بەکارهێنانی ئەم ئەپڵیکەیشنانەدا یەکجار لەڕۆژێکدا بەپلەی یەکەم دێت، هەروەها زۆرینەی زۆری گەنجان لەشاری سلێمانی لەبەکارهێنانی تیکتۆکدا گۆرانکاری لەرەفتاری کۆمەڵایەتیاندا ڕودەدات، وپێیان وایە ڤیدیۆکانی ئەم ئەپڵیکەیشنە هۆکارە بۆ پیادەکردنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی نەرێنی.

**کلیلی وشەکان: ڕۆڵ، تیکتۆک، ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، گەنجان، سلێمانی.**

---

## پێشەکی

لەناوەراستی نەوەدەکانی سەدەی رابوردودا جیهان بەگشتی گۆرانکاری گەورەی بەخۆوە دی لەبواری تەکنەلۆژیای زانیاری وپەیوەندیکردندا، سەرەنجام کەناڵ وئامراز وتۆر وئەپڵیکەیشنی جۆراوجۆری هێنایەکایە، کەبوەهۆی تەواوکاری لەسیمای میدیای نوێدا بەهەردوو جۆرە سەرەکیەکەی، ئەوانیش میدیای (ئەلیکترۆنی وسەتەلایتی).

میدیای ئەلیکترۆنی لەقۆناغە سەرەتاییەکانی میدیای نوێدا وبەدیاریکراوی لەنەوەی یەکەمی ئینتەرنێتدا چەند میدیاییەکی لەخۆگرت لەوانە: (ماڵپەری ئەلیکترۆنی وڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی وتۆرەکانی هەواڵ و ماڵپەری ئاژانسەکانی هەواڵ وچاتینگ بەخزمەتگوزاری دەنگ)، بەڵام لەنەوەی دوهەمی ئینتەرنێتدا تۆرە کۆمەڵایەتیەکانی وەک: (پەیوەندی کۆمەڵایەتی وڤیدیۆ ودەنگ وبلۆگەر وفۆتۆ وچاتینگ بەخزمەتگوزاری دەنگ ونوسین) هێنایەکایە، هەروەها لەنەوەی سێهەمی ئینتەرنێتدا

---


المجلد 4 ، العدد 2 ( 2023 )
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 20 سبتمبر 2023
حقوق الطبع والنشر © 2023. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

ئەپلیکەیشنی هەمەجۆری خستەبەردەست بەکارهێنەران وەک: (تیکتۆک وسناپ چات وچاتینگ بەخزمەتگوزاری دەنگ ونوسین ورەنگ).

بۆیە ئەپلیکەیشنی تیکتۆک یەکێکە لەدیارترین ئەو ئەپلیکەیشنانەی کەسەر بەنەوەی سێهەمی ئینتەرنێتە وریگە بەبەکارهێنەران دەدات خزمەتگوزاری ڤیدیۆیی (تێکست ودەنگ ورەنگ) تیایدا تۆمار وبڵاوبکەنەوە، بەجۆریک بەکارهێنەرانی لەئاستەجیاجیاکاندا کارا کرد لەبڵاوکردنەوەی کار وچالاکی وروداو وهەواڵ وزانیاری وبابەتەکانیان لەرێی پارچەی ڤیدیۆیی هەمەرەنگی ئامانجدار.

تیکتۆک وەک تێکرای کەناڵ وئامراز وتۆرەکانی دیکە دەتوانێت کاریکاتە سەر رەفتاری تاک وگروپەکانی نێوکۆمەڵگا بەهۆی بەهێزی سروشتی خزمەتگوزاریەکەی لەروی روخسارەوە کەپارچەی ڤیدیۆیی کورتە وکەمترە لەیەک خولەک، هەروەها لەناوەرۆکدا پارچە ڤیددۆییەکان جۆر وئامانجی جیاواز لەخۆدەگرن، ئەمەش وادەکات ژمارەیەکی زۆر لەبەکارهێنەر لەخودی ئەپلیکەیشنەکەی کۆبکاتەوە.

بۆیە توێژەران لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەن بگەن بەو ئەنجامە زانستیانەی کەئایا تیکتۆک رۆڵی هەیە لەگۆرانکاری رەفتاری کۆمەڵایەتی گەنجاندا یاخود نا.

## تەوەری یەکەم: میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە

### توێژینەوەکانی پێشوو:

**١. توێژینەوەی (ولهی کنزة ٢٠٢٠)، بەناونیشانی (استخدام الشباب لتطبيق التيك توك والاشباعات المتحققة منه)**، توێژینەوەی ماستەرە، ئامانج لێی زانینی پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی ئەپلیکەیشنی تیکتۆکە لەلایەن گەنجان وپێداویستیەکان بۆ تێربون لەبەکارهێنانیان، توێژینەوەکە لەجۆری هۆکاریە وپشتی بەمیتۆدی وەصفی بەشێوازی روپێو وبەکارهێنانی رێکاری راپرسی بەستوە بۆ (٨٠) بەکارهێنەر لەخوێندکارانی زانکۆکانی مصر وئامرازی راپرسی را بۆ کۆکردنەوەی داتا وزانیاری بەکارهێنراوە، توێژەر گەشتۆتە ئەو ئەنجامەی کەپاڵنەری سەرەکی لەبەکارهێنانی تیکتۆک خۆشی وکات بەسەربردنە، هەروەها پێداویستی سەرەکی بۆ تێربون لەبەکارهێنانی تیکتۆک پێداویستی خۆشی وکات بەسەربردنە.

**٢. توێژینەوەی (Omar & Dequan ٢٠٢٠)، بەناونیشانی (Watch, Share or Create: The Influence of Personality Traits and User Motivation on TikTok Mobile (Video Usage**، توێژینەوەی بڵاوکراوەیە، ئامانج لێی زانینی پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی ئەپلیکەیشنی تیکتۆکە، توێژینەوەکە لەجۆری هۆکاریە وپشتی بەمیتۆدی وەصفی بەشێوازی روپێو وبەکارهێنانی رێکاری راپرسی بەستوە بۆ (٣٨٥) بەکارهێنەر وئامرازی راپرسی را بۆ کۆکردنەوەی داتا وزانیاری بەکارهێنراوە، توێژەران گەشتونەتە ئەو ئەنجامەی کەپاڵنەرەکانی بەکارهێنانی تیکتۆک بریتین لە: (دەربرینی خود وکارلێکی کۆمەڵایەتی ودەربازبون لەفشارەکانی ژیان).

**٣. توێژینەوەی (Wang ٢٠٢٠)، بەناونیشانی** (Influence of camera view on TikTok users' presence, immersion, and adoption intent)، توێژینەوەی بڵاوکراوەیە، ئامانج لێی هەڵوەستەکردنە لەسەر کارایی پارچەی ڤیدیۆیی ماوەکورت کەلەرێی ئەپلیکەیشنی تیکتۆکە بڵاودەکرێتەوە وزانینی هۆکاری کاریگەر لەوەڵامدانەوە ددەرونی وباوەرپێهێنراوەکاندا پەیوەست بەپارچەی ڤیدیۆیی ماوەکورت، توێژینەوەکە لەجۆری هۆکاریە وپشتی بەمیتۆدی وەصفی بەشێوازی روپێو وبەکارهێنانی رێکاری راپرسی بەستوە بۆ (٨١) بەکارهێنەر وئامرازی راپرسی را بۆ کۆکردنەوەی داتا وزانیاری بەکارهێنراوە، توێژەران گەشتونەتە ئەو ئەنجامەی کاریگەری میزاج لەڤیدیۆکاندا هەیە لەسەر بەکارهێنەرانی تیکتۆک لەچوارچێوەی ئامادەییە کۆمەڵایەتی وخۆشبەسەربردنی کاتدا، هەروەها میزاج کاریگەری هەمەجۆری هەیە لەسەر کارایی بەکارهێنەرانی تیکتۆک.

### کێشەی توێژینەوە:

توێژەران کێشەی توێژینەوە لەپرسیارێکی سەرەکیدا دەخەنەروو، کەبریتیە لەوەی: (ئایا تیکتۆک رۆڵی هەیە لەگۆرانکاری رەفتاری کۆمەڵایەتی گەنجاندا؟)، ئەم پرسیارە سەرەکیەش دەکەن بەچەند پرسیارێکی لاوەکی، لەوانە: (ئاست وقەبارەی بەکارهێنانی تیکتۆک چەندە لای گەنجان لەپارێزگای سلێمانی؟ کامانەن ئەو پارچە ڤیدیۆییە کۆمەڵایەتیانەی کەگەنجان لەشاری سلێمانی لەتیکتۆکدا گرنگی بەبڵاوکردنەوەی دەدەن؟ دیارترین ئەو جیاوازیانە چین کەهۆکارن لەدروستبونی گۆرانکاری لەرەفتاری کۆمەڵایەتی گەنجاندا بەهۆی بەکارهینانی تیکتۆکەوە؟).

### ئامانجەکانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە چەند ئامانجێکی سەرەکی لەخۆدەگرێت، لەوانە: (خستنەروی سەرەکیترین ئەو هۆکارانەی کەرۆڵ دەگێرن لای گەنجان لەشاری سلێمانی لەبەکارهێنانی تیکتۆکدا، زانینی ئەو ئامرازانەی رۆڵ دەگێرن لەبەکارهێنانی تیکتۆک لای

گەنجان لەشاری سلێمانی، زانینی دیارترین جۆری ئەو ڤیدیۆ تۆمارکراوانەی کەگەنجان لەشاری سلێمانی بڵاوی دەکەنەوە لەتیکتۆکدا).

**گرنگی توێژینەوە:**

تیشک دەخاتەسەر دیارترین ئەپڵیکەیشنی نەوەی سێهەمی ئینتەرنێت کەتیکتۆکە، هەروەها لێکۆڵینەوە لەسروشتی بەکارهێنانی ئەم ئەپڵیکەیشنە دەکات لەلای گەنجان، پاشان هۆکارەکانی گۆرانکاری لەرەفتاری کۆمەڵایەتی گەنجاندا دەخاتەروو لەئەنجامی بەکارهینانی خودی ئەو ئەپڵیکەیشنە، بەمەش ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی نوێ بەزمانی دایک بۆ ناوەندە ئەکادیمیەکان بەگشتی وتوێژەران بەتایبەتی.

**جۆر و میتۆدی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لەجۆری وەصفیەکانە وتیایدا میتۆدی رووپێو بەرێکاری راپرسی را بەکارهاتوە بۆ سامپڵێک لەگەنجان لەشاری سلێمانی.

**کۆمەڵ و ساپڵی توێژینەوە:**

گەنجان لەشاری سلێمانی نمایندەی کۆمەڵگای توێژینەوە دەکات، هەر بۆیە توێژەران سامپڵێکی ناهەرەمەکی مەبەستداریان هەڵبژاردوە بۆ (١٥٠) گەنج بەپێی تایبەتمەندی دیمۆگرافی: (رەگەز – تەمەن – ئاستی زانستی – باری کۆمەڵایەتی – ئاستی ئابوری).

**ئامرازی توێژینەوە:**

توێژەران لەم توێژینەوەیەدا فۆرمی راپرسیان بەکارهێناوە بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتا وزانیاری پەیوەست بەئامانجی توێژینەوەکە.

**ڕێکارەکانی ڕووالەتە درووستیی و جێگیری:**

بەمەبەستی جێبەجێکردنی راستی بۆ تەوەر وپرسیار وبرگەکانی ئامرازای توێژینەوە، توێژەران راستی روالەتیان بەکارهێنا بەگەرانەوە بۆ (٣) پسپۆری بواری میدیا پشت بەست بەهاوکێشەی راستی روالەت=برگە گونجاوەکان/کۆی برگەکان×١٠٠=٧٣/٦٢× ١٠٠=٨٤،٩، بۆ جێگیری داتا وزانیاری کۆکراوە بەئامرازی توێژینەوە توێژەران جێگیری ناوخۆیی بەبەکارهێنانی هاوکێشەی (ئەلفاکرونباخ) یان بەکارهێناوە بەپێی خشتەی (١).

خشتەی (١)

| ژمارەی برگەکان | پێوانەی جێگیری |
|---|---|
| ٢١ | ٠,٩٥٦ |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (1) دەردەکەوێت کەجێگیری داتا وزانیاری توێژینەوەکە (٠,٩٥٦) کەئاماژەیە بۆ پلەی بەرزی پێوانەی جێگیری داتا وزانیاری توێژینەوەکە.

**سنوری توێژینەوە:**

سنوری زانستی بریتیە لەتیکتۆک ورەفتاری کۆمەڵایەتی، سنوری مرۆیی پێکدێت لەگەنجان، سنوری شوێن بریتیە لەشاری سلێمانی، سنوری کات مانگی ٢٠٢٢/٢.

**زاراوەکانی توێژینەوە:**

رۆڵ: مەبەست لەو رۆڵەیە کەتیکتۆک دەتوانێت بیگێرێت لەگۆرانکاری لەرەفتاری کۆمەڵایەتی گەنجان جا ئەرێنی بێت یان نەرێنی.

تیکتۆک: یەکێکە لەدیارترین ئەو ئەپڵیکەیشنانەی کەخزمەتگوزاری ڤیدیۆیی (تێکست ودەنگ ورەنگ) بۆ بەکارهێنەران فەراهەم دەکات، کەتیایدا بەکارهێنەران لەئاستی جیاجیادا کار وچالاکی ورِوداو وهەواڵ وزانیاری وبابەتی هەمەجۆر لەرێی پارچەی ڤیدیۆیی ئامانجدار بڵاودەکەنەوە.

رەفتاری کۆمەڵایەتی: ئەو رەفتارە جۆراوجۆرانەیە کەتاک وگروپەکان لەنێو کۆمەڵگادا پیرەوی دەکەن بەهۆکاری هەمەجۆر وبەئامانجی جیاواز لەکات وشوێنی دیاریکراودا.

گەنج: دیارترین توێژی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەن کەخاوەن هێز وبازوی بەپێزن وناسراون بەکۆمەڵێک تایبەتمەندی دیمۆگرافی هەمەجۆر.

سلێمانی: یەکێکە لەدیارترین پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان/عێراق کەخاوەن خەسڵەتی تایبەت بەخۆیەتی لەروی جوگرافیا ودانیشتوان وئابوری ورۆشنبیری وکلتوریەوە.

## تەوەری دووەم: تیۆرینامەی توێژینەوە

*** یەكەم/تیكتۆك.**

**١. واتا وپێناسەی تیكتۆك.**

بریتییە لەئەپڵیكەیشنێكی تایبەت بەتۆماركردن و بڵاوكردنەوە و هاوبەشیكردنی ڤیدیۆیی لەنێوان بەكارهێنەران لەڕێگەی مۆبایلی زیرەكەوە (Herman, 2019).

هەروەها پێناسە دەكرێت بەوەی، ئەپڵیكەیشنێكی بەربڵاوی تۆڕی كۆمەڵایەتییە، ڕێگە بەبەكارهێنەرانی دەدات لەڕێگەیەوە تەماشای گرتەی ڤیدیۆیی بكەن و ڤیدیۆش تۆمار و ئەبلۆدبكەنە نێو ئەپڵیكەیشنەكە (D'souza, 2022).

لەلایەكی دی پێناسە دەكرێت بەوەی: خزمەتگوزاری هاوبەشیكردنی ڤیدیۆییە، كە ڕێگە بەبەكارهێنەران دەدات تەماشای ئەو ڤیدیۆیانە بكەن، كەبەكارهێنەرانی دیكە تۆمار و بڵاویانكردوەتەوە (Christopher, 2019: 3).

یاخود بریتییە لە تۆڕێكی كۆمەڵایەتی نوێ، كە بە فراوانترین و خێراترین تۆڕی گەشەسەندوو لە جیهان دادەنرێت، پشتدەبەستێت بە داهێنان و هاوبەشیكردنی ڤیدیۆی كورت خایەن و درێژخایەن (دنیا و هبة، ٢٠٢١: ١٦).

هەربۆیە تیكتۆك، بەئەپڵیكەیشنێكی بەیەكگەیشتنی كۆمەڵایەتی دادەنرێت، سەكۆی نمایشكردنی فیدیۆی كورت و درێژە، بەناوەرۆكی جیاواز و هەمەجۆر، ڕێگە بەبەكارهێنەران دەدات بەهەردوو شێوەی دروستكردنی هەژمار و بەبێ دروستكردنی هەژماریش، تەماشای فیدیۆ بكەن، ئەو بەكارهێنەرانەشی كەهەژماریان هەیە، دەتوانن فیدیۆ ئەبلۆدی ئەپڵیكەیشنەكە بكەن كە لەچەند چركەیەكەوە بۆ چەند خولەكێك بێت، دواتریش دەكەوێتە پێشچاوی ژمارەیەكی زۆر لە بەكارهێنەرانی تیكتۆك (یونس وعبدالغفار، ٢٠٢٠: ١٦٢٣).

كۆمپانیای تیكتۆك بەمجۆرە پێناسەی ئەپڵیكەیشنەكەی خۆی دەكات و دەڵێت: پێگەیەكی پێشەنگی ڤیدیۆییە لەسەر مۆبایل، ئەركمان ئیلهامبەخشینە بە داهێنان و خۆشی بەخشین(ماڵپەڕی تیكتۆك، ٢٠٢٢).

**٢. سەرهەڵدان و گەشەكردنی تیكتۆك.**

تیكتۆك، پلاتفۆرمێكی كۆمەڵایەتی هاوبەشیكردنی ڤیدیۆییە، خاوەندارێتییەكەی دەگەڕێتەوە بۆ كۆمپانیای (Byte Dance) بۆ تەكنۆلۆجیا، بارەگاكەی لەپەكینی پایتەختی چینە و لەساڵی (٢٠١٧) لەلایەن (چانگ یی مین) ەوە دامەزراوە، كە لەدایكبووی ساڵی (١٩٨٣)یە، تیكتۆك لەماوەیەكی زۆر كەمدا بەشێوەیەكی زۆر فراوان بەجیهاندا بڵاوبوویەوە و ژمارەیەكی زۆر لەهاوڵاتیان جیهان بەكاریانهێنا، بەشێوەیەک بووە خێراترین ئەپڵیكەیشن كە لەماوەیەكی كەمدا بەوشێوەیە گەشە بكات (موقع العربیة، ٢٠٢٢). بیرۆكەی دامەزراندنی تیكتۆك دەگەڕێتەوە بۆ ئەپڵیكەیشنی (میوزكال لی Musical.ly) كە ساڵی (٢٠١٤) لەلایەن (ئەلێكس زو) دامەزرابوو، دوای سەرنەكەوتنی (میوزكال لی)، لەسەر ئەو بنەمایە تیكتۆك بۆ ڕاكێشانی سەرنجی هەرزەكاران دامەزرێنرا، (ئەلێكس زو)ش بووە جێگری بەڕێوەبەری جێبەجێكاری ئەپڵیكەیشنی تیكتۆك، بڕیاریاندا (میوزكال لی) بەیەكجاری دابخەن و لەگەڵ تیكتۆك بكرێتە یەک ئەپلیكەیشن، بۆیە لەمانگی (ئابی ٢٠١٨) سەرجەم بەكارهێنەرانی (میوزكال لی) بەبێ ئاگاداری خۆیان، گواسترانەوە بۆ سەر تیكتۆك (دنیا ومريم، ٢٠٢٠). تا ساڵی (٢٠١٨) تیكتۆك تەنیا لە وڵاتی چین بڵاوببووەوە و نزیكەی (١٥٠) ملیۆن بەكارهێنەری لەو وڵاتە هەبوو، دواتر بازنەی بڵاوبوونەوەی فراوانبوو وڵاتانی كەمبۆدیا و مالیزیا و ئەندۆنوسیا و تایلاند و ڤێتنام و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپاشی گرتەوە (خديجة وقماري، ٢٠٢٠: ٣٢). لەساڵی (٢٠٢٢)دا، ژمارەی بەكارهێنەرانی ئەپڵیكەیشنی تیكتۆك گەیشتووەتە زیاتر لە ملیارێک بەكارهێنەر لە (١٥٤) وڵاتی جیهان، پێشبینیش دەكرێت تا كۆتایی ساڵ ئەو ژمارەیە بگاتە ملیارێک و (٨٠٠) ملیۆن بەكارهێنەر، تەمەنی زۆرینەی بەكارهێنەران لە نێوان (١٩ بۆ ٢٩) ساڵدایە و (٥٧%) بەكارهێنەران لە ڕەگەزی مێ و (٤٣%)یش لە ڕەگەزی نێرن، ڕۆژانەش زیاتر لە ملیارێک گرتەی ڤیدیۆیی لەلایەن بەكارهێنەرانەوە تەماشادەكرێت، هەر بەپێی ئامارەكان، (٨٨٥) ملیۆن بەكارهێنەر لە مانگی (كانونی یەكەمی ٢٠٢٢) تەمەنیان لە (١٨)ساڵ بەرەوسەرەوەیە (Ruby,2022).

**٣. تایبەتمەندییەكانی تیكتۆك.**

تیكتۆك، هاوشێوەی ئەپڵیكەیشنەكانی دیكە خاوەنی چەند تایبەتمەندییەكە، گرنگترینیان:

١. هەمەجۆری ناوەڕۆكی ڤیدیۆكان: چەندین جۆری ڤیدیۆی جۆراوجۆر لە تیكتۆكدا هەن، كە دابەش دەبن بۆ سێ جۆری سەرەكی، ئەوانیش:

أ. ناوەرۆکی فێرکاری: ئەم جۆرەیان پەیوەستە بە فێرکردنی بەکارهێنەران بە توانا و بەهرە و لێهاتوویيە نوێیەکان، بۆ نمونە سەما و چێشتلێنان و چۆنێتی وێنەگرتن و دەیان بەهرەی دیکە.

ب. ناوەرۆکی کەیفخۆشی: ناوەرۆکی ئەو ڤیدیۆیانەیە کە تایبەتە بە کەیخۆشیی و مۆزیک و بەسەربردنی کاتێکی خۆش.

ج. ناوەرۆکی بازاڕگەری: ئەمەش ئەو ڤیدیۆیانەیە دەگرێتەوە کە ریکلام و مارکێتینگ بۆ هەندێک لە بەرهەمەکانی جوانکاری و پاککەرەوە دەکەن.

٢. تاکرایی ئەپڵیکەیشنی تیکتۆک: چەمکی تاکرایی ئەپڵیکەیشنی تیکتۆک ئاماژە بەوەدەکات بەهۆی تایبەتمەندییە دەگمەنەکانی، تەنیا خۆی لەگۆڕەپانەکەیە وهیچ لەئەپڵیکەیشنەکانی تر کەتایبەتن بەفیدیۆ شان لەشانی نادەن. (فتحی، ٢٠٢١: ٣٨٩).

٣. دروستکردنی ناوەرۆک بەئاسانی و هاوبەشیکردنی: لەتیکتۆکدا پرۆسەی دروستکردن و بڵاوکردنەوە و هاوبەشیکردنی فیدیۆی زۆر ئاسانە، بەو واتایەی بەکارهێنەر پێویستی بە لێهاتوویی و شارەزاییەکی زۆر نییە لە دروستکردنی پارچەی فیدیۆدا.

٤. ئاڵنگاری (تحدی): بەکارهێنەران لەبوارە جیاجیاکان چەندین ئاڵنگاری کۆمەڵایەتیی و هونەری و وەرزشی ئەنجامدەدەن.

٥. ناوداران (مشاهیر): جگە لە گەنجان، ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە ناودار و بەناوبانگەکانی جیهان ئەپڵیکەیشنی تیکتۆک بەکاردەهێنن و هەژماری تایبەت بەخۆیان هەیە. (بیبر، ٢٠١٩).

**٤. مەترسییەکانی تیکتۆک لەسەر گەنجان.**

تیکتۆک بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری لەسەر کۆی کۆمەڵگە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان هەیە، لێکەوتەی نێگەتیڤ لەسەر چینی گەنجان بەتایبەت بەجێدەهێڵێت، ئەویش بەهۆی نەبوونی چاودێری خێزان لەسەر ناوەرۆکی ڤیدیۆ بڵاوکراوەکانی نێو ئەپڵێکەیشنەکە، کە بەشێکیان ڤیدیۆی سێکسیی و وروژێنەرن و کاریگەری گەورە لەسەر ڕەفتار و ڕەوشتی گەنجان دروستدەکەن، هاوکات لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی سوکایەتی و جنێو و تۆمەتی ناڕەوا، تەونی کۆمەڵایەتی تێکدەدات، تیکتۆک بووەتە سەکۆیەکی لەبار بۆ گێچەڵی ئەلیکترۆنی و ئەوەش ئاژاوە و کێشەی گەورەی دروستکردوە.(علی، ٢٠٢٠).

لە ساڵی (٢٠٢٠)، دەزگای پەیوەندییەکانی پاکستان ڕایگەیاند بەهۆکاری تێکدانی ڕەوشتی گەنجان و بڵاوکردنەوەی ناوەرۆکی نائەخلاقی، تیکتۆکیان لە وڵاتەکەیان قەدەغەکرد، هەروەها بەپێی ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست لە ساڵی (٢٠٢٠) کۆمپانیای (مێتا – فەیسبوک) لەڕێگەی چەند کۆمپانیا و دەزگایەکی ڕاگەیاندنی ئەمریکییەوە، هەڵمەتێکیان دژی تیکتۆک ئەنجامدا و بە مەترسیی بۆ سەر منداڵ و کۆمەڵگەی ئەمریکی لەقەڵەمیاندا.(موقع الجزیرة أ، 2022).

هەرلەبارەی کاریگەری و مەترسییەکانی تیکتۆکەوە، ڕێکخراوی پاراستنی بەکارهێنەری ئەوروپی، ساڵی (٢٠٢١) سکاڵایەکی دژ بە تیکتۆک ئاراستەی یەکێتی ئەوروپا کرد، ڕێکخراوەکە تیکتۆکی تۆمەتبارکرد بەوەی نەیتوانیوە منداڵان و هەرزەکاران لە ڕیکلام و ڤیدیۆکانی بپارێزێت و منداڵان و هەرزەکاران بە ئاسانی هەمموو ڤیدیۆیەکی نەشیاو و نەگونجاو دەبینین (موقع الجزیرة ب، ٢٠٢١).

بەشێک لە پسپۆڕانی زانستی دەروون دروستی، سەبارەت بە کاریگەرییەکانی تیکتۆک ئاماژەیان بەچەند خاڵێک کردووە، کە پێیانوایە هەڕەشەیە بۆسەر ژیان و ڕەوشت و پێوەرە مرۆییەکان و، لێکەوتە مەترسییە دەروونییەکانی ئەو ئەپڵیکەیشنە، نەک تەنیا لەسەر بەکارهێنەرانی، بەڵکو لەسەر کۆی کۆمەڵگە، لێرەدا بەکورتی دەیانخەینەڕوو (كنزة، ٢٠٢٠: ٤٣): (دابڕانی کۆمەڵایەتی، بەفیڕۆدانی کات و وزە، بەدڕەوشتی، سەرچاوەی گێچەڵکردن، خۆپەرستی، ئەشکەنجەدانی دەروونی، خەمباری، خۆکوشتن).

*** دوهەم/ڕەفتاری کۆمەڵایەتی.**

**١. واتا و پێناسەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی.**

مەبەست لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، هەر جۆرە ڕەفتارێکە کە کارلێکی دوو کەس یاخود زیاتری تێدابێت، مرۆڤ کرداره کۆمەڵایەتیەکانی خۆی لەسەر بنەمای چەند پێکهاتەیەکی وەك فەرهەنگ و کولتوور و بیروباوەڕ و بەها ئاینی و نۆرمە یاساییەکان دامەزراندووە، کە لەلایەن خۆی یاخود کۆمەڵگاوە قبوڵکراوە، هەروەها کردەی خۆی بەپێی ڕۆڵ و شوناسی کۆمەڵگا ڕێکدەخات (وین ویتن،١٩٧١).

کرداری کۆمەڵایەتی لە ژێر کاریگەری ژینگەی سروشتی و پەیوەندییە کۆمەلایەتی و خێزانی و ئاینییەکان، جیاواز و فرە ڕەهەندە، وەك کرداری عاتفی بوون و نەرمونیان، کرداری توندوتیژ و شەڕانی، یاخود کرداری کۆمەڵایەتی بوون و تاکی کراوە و دڵخۆش و باش بین، یان تاکی داخراو و گۆشەگیر و ڕەشبین و خەماوی، لەگەڵ ئەوەشدا کرداری کۆمەڵایەتی بەپێی تەمەن و قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤ دەگۆڕێت (خادمی و نژاد ، ٢٠١٩).

کرداری عاتفی بوون و نەرمونیانی، دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاك لە دەرون و هەستی خۆیدا عەتف و ئارامی زاڵبێت و ئەوەش هۆکارە بۆ کردارە کۆمەڵایەتییەکانی کە هەمان شێوە وەربگرێت، ئەم شێوە کردارە دەرئەنجامی هەستەوەری خۆشەویستی و ئارامی و مرۆڤدۆستییە کە دوور بووە لە دنیای توندوتیژ و تۆڕەیی . ڕەفتاری توندوتیژ و ڕەق، بە شێوەیەکی ئاسایی لە ناو ئەو گروپ و دەستەیەدا بڵاوە، کە ئاژاوەگێر و پابەندبوونی کۆمەڵایەتی و پەروەردەییان نەبووە، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی کەسێك، یاخود گروپێك شێوە کردارێکی توندتیژ ئەنجامبدات و پاشان ئەو کردارە گەشەدەکات و کۆپی دەکرێت و دووبارە و لە کاتی جیاواز ئەنجامدەدرێتەوە .

کرداری کۆمەڵگا پەسەند، کردارێکی ئاساییە وەك جۆرێکی دۆستایەتی و هاوکاری ئەوانیتر، بە کورتی واتە کردارێك کە تاکێك بە بێ چاوەڕوانی و خواست لە بەرامبەر ئەنجامدەدرێت بە مەبەستی هاوکاری و پێشخستنی دۆخ و گوزەرانی بەرامبەر.

کرداری دەستەجەمعی کاتێك ڕوودەدات کە تاك لە گروپی گەورە یاخود ڕێکخراوێکدا کار دەکات و هەوڵدەدەن چەشنە کردارێك لە ناو کۆمەڵگادا بگۆرن، واتە ئامانجێکی تایبەتی هەیە کە دەکرێت کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لە سەر کۆمەڵگادا هەبێت (دیگران، ٢٠١٦).

دەتوانین ڕەفتاری کۆمەڵایەتی پۆلێن بکەین بە دوو بەش: کردارێکی پەسەندکراو لەلایەن کۆمەڵگا و کردارێکی پەسەندنەکراو لەلایەن کۆمەڵگا، ئەو ڕەفتاری پەسەندکراوی کۆمەڵگا ئەو ڕەفتارانەیە کە لەگەڵ یاسا و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان یەکدەگرێتەوە، ئەم کردارانە پێشخستن و برەودانە بە جۆرێك لە پەیوەندی کە خزمەت بە دەستەیەك یاخود گروپێك دەکات، وەك پەیوەندی هاوڕێیەتی یاخود عەشیرەتگەرایی و ئاینی، هەروەها کرداری پەسەندنەکراوی کۆمەڵایەتی، ئەو کردارانەیە کە دژ بە دابونەریت و پیرۆزی و بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگایەکن و لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگاوە قبوڵکراونین، ئەو کردارانە دژ بە برەودان و پێشخستنی پەیوەندی گروپێك، یاخود دەستەیەك بووە و هۆکارێك بووە بۆ دروستبوونی کێشە و لە بەرهەڵوەشندنەوەییان. دیاریکردنی کرداری پەسەنکراو و پەسەندنەکراو، زیاتر لەسەر بنەمای فەرهەنگ و کەلتور و ڕێسا ئاینی و کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە خێزانییەکان دەبێت، کە ئەوەش لە کۆمەڵگایەك بۆ کۆمەڵگایەکیتر یاخود لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکیتر جیاواز دەبێت (خانزادە، ٢٠١٣).

لە سادەترین پێناسەدا، ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی بریتییە لە ڕەفتاری تاکێک کە لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتییدا دەینوێنێت و لە ئەنجامدا کاریگەرییەک لەسەر دەوروبەر و کەسانی تر دروست دەکات واتە ئەو ڕووداوانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەی تاکدا ڕوودەدەن، و ئەو چالاکییانەی کە تاکێک ئەنجامی دەدات و لەگەڵ کۆمەڵێک تاکدا کارلێک دەکات، و ئەوان کارلێکیان لەگەڵدا دەکەن(David R. Schmitt، 1998).

هەروەها پێناسە دەکرێت بەوەی هەموو ئەو چالاکیانەیە کە لە مرۆڤەوە دێتە دەرەوە، جا چ ناوەکی بێت لە شێوەی پاڵنەردا وەك هەست و سۆز، لێهاتوویی، پرۆسەی مەعریفی و دینامیک، یان لە دەرەوە کە ڕەفتارێکی ڕواڵەتی بەرامبەر بە کەسانی دیکە دەگرێتەوە، چونکە واقیعەکە ئەوەیە کە هەموو مرۆڤێکی ئەم جیهانە لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەژی کاریگەری لەسەر هەموو ڕەفتارێک هەیە کە لێیەوە سەرچاوە دەگرێت(رمزي جاب الله ، 2018).

هەربۆیە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی، بەشێکە لە زانستی دەرونزانیی مرۆیی، بازنەیەکە تیایدا هەڵوێست و هەست و کاردانەوەکانی تاکەکەس دەگرێتەوە بە ئاراستەی کەسانی دەروبەری. ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ئەرێنی و ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی نەرێنی هەیە، ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی ئەرێنی بریتییە لە ڕەفتارێکی قبوڵکراو بەهۆی هەبوونی هەڵوێست و خواستی ڕێکخراو و باش تیایدا، بە پێچەوانەوە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی نەرێنی هەڵوێست و خواستی نەرێنی و نارێکخراوی تاککەس پیشان دەدات. هەردوو جۆرەکەش ڕەنگدانەوەیان لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتییەوە دەبێت، واتە دەتوانرێت ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ئەرێنی و نەرێنی لەم تۆڕانەدا ببینرێنەوە( Lateef 2020،Omotosho Adegboyega).

## تەوەری سێیەم: پراکتیکنامەی توێژینەوە

### * یەکەم/تایبەتمەندی دیمۆگرافی سامپڵی توێژینەوەکە.

**خشتەی (٢)**

**زانیاری تایبەت بەگەنجان لەشاری سلێمانی**

| زانیاری تایبەت | | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | ٩٩ | ٦٦ |
| | مێ | ٥١ | ٣٤ |
| کۆی گشتی | | ١٥٠ | ١٠٠ |
| تەمەن | ١٦-٢٠ ساڵ | ٤٦ | ٣٠,٦ |
| | ٢١-٢٥ ساڵ | ٦٦ | ٤٤ |
| | ٢٦-٣٠ ساڵ | ١٦ | ١٠,٧ |
| | ٣١-٣٥ ساڵ | ١٦ | ١٠,٧ |
| | ٣٦-٤٠ ساڵ | ٦ | ٤ |
| کۆی گشتی | | ١٥٠ | ١٠٠ |
| ئاستی خوێندەواری | بنەڕەت | ١٠ | ٦,٧ |
| | ئامادەیی | ٢٠ | ١٣,٣ |
| | دبلۆم | ٣٥ | ٢٣,٣ |
| | بەکالۆریۆس | ٧٨ | ٥٢ |
| | خوێندنی باڵا | ٧ | ٤,٧ |
| کۆی گشتی | | ١٥٠ | ١٠٠ |
| بواری کۆمەڵایەتی | تاک مردوو | ٥ | ٣,٣ |
| | خێزاندار | ٤٦ | ٣٠,٧ |
| | سەڵت | ٩٩ | ٦٦ |
| کۆی گشتی | | ١٥٠ | ١٠٠ |
| ئاستی ئابوری | کەمتر لە ٢٥٠ هەزار دیناری عێراقی | ٤٣ | ٢٨,٧ |
| | کەمتر لە ٥٠٠ هەزار دیناری عێراقی | ٢٢ | ١٤,٧ |
| | کەمتر لە ٧٥٠ هەزار دیناری عێراقی | ٢٤ | ١٦ |
| | کەمتر لە ١ ملیۆن دیناری عێراقی | ٢٩ | ١٩,٣ |
| | زیاتر لە ١ ملیۆن دیناری عێراقی | ٣٢ | ٢١,٣ |
| کۆی گشتی | | ١٥٠ | ١٠٠ |

ئەنجامەکانی خشتەی (٢) ئاماژەیە بۆ پێدانی زانیاری تایبەت بەگەنجان لەڕوی ڕەگەزەوە، نێر بەپلەی یەکەمە، هاوکات لەڕوی تەمەنەوە زۆرینەی گەنجان ئاستی تەمەنیان دەکەوێتە نێوان، (٢١ - ٢٥) ساڵ، هەروەها زۆربەی سامپڵی توێژینەوەکە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریوسیان هەیە، پاشان لەباری کۆمەڵایەتیدا سەڵت بەپلەی یەکەم دێت، دواتر ئاستی ئابوری کەمتر لە (٢٥٠) هەزار دیناری عێراقی لەپلەی یەکەمدایە.

### * دوهەم/وەڵامی گەنجان بۆ پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسی.

**خشتەی (٣)**

**ئاستی بەکارهێنانی تیکتۆک لای سامپڵی توێژینەوەکە**

| بڕگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەردەوام | ٣٦ | ٢٤ |
| هەندێکجار | ٤٠ | ٢٦,٧ |
| بەدەگمەن | ٧٤ | ٤٩,٣ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠ |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٣) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەئاستی بەکارهێنانی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ ئەپڵیکەیشنی تیکتۆک بەرزە، ئەمەش ئاماژەیەکی پۆزەتیڤە بۆ بەئاگابونی گەنجان لەشاری سلێمانی بەنەوەکانی سێهەمی ئینتەرنێت بەگشتی وتیکتۆک بەتایبەتی وەک یەکێک لەتۆرە زیرەکەکان.

**خشتەی (٤)**

**هۆکاری بەکارهێنانی تیکتۆک لای گەنجان لەشاری سلێمانی**

| بڕگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| زانینی هەواڵ وزانیاری | ٥٠ | ٣٣,٤ |
| بەئاگابون لەڕوداوەکان | ٤٤ | ٢٩,٣ |
| خستنەڕوی چالاکیەکانم | ٨ | ٥,٣ |
| نیشاندانی ستایل وجلوبەرگەکانم | ٤ | ٢,٧ |
| ئاراستەکردنی ڕەفتارێک | ١٤ | ٩,٣ |
| بەردەوامی پەیوەندی کۆمەڵایەتی | ٩ | ٦ |
| خۆشەویستی خود | ٢١ | ١٤ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠ |

ئەنجامەکانی خشتەی (٤) دەریدەخات کەیەک لەسەر سێی گەنجان لەشاری سلێمانی ئەپڵیکەیشنی تیکتۆک بەکاردەهێنن بەهۆی زانینی هەواڵ وزانیاری، ئەمەش ئاماژەیەکی پۆزەتیڤە بۆ گرنگیدان بەئەرکێکی سەرەکی میدیا کەئەویش بڵاوکردنەوەی هەواڵ وزانیاریە لەڕێی تۆرە زیرەکەکان.

**خشتەی (٥)**

**ئامرازی بەکارهاتوو بۆ تیکتۆک لای سامپڵی توێژینەوەکە**

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کۆمپیوتەر | ٦ | ٤ |
| ئایپاد | ١١ | ٧,٣ |
| مۆبایلی زیرەک | ١٣٣ | ٨٨,٧ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠ |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٥) بۆمان دەردەکەوێت کەزۆرینەی زۆری گەنجان لەشاری سلێمانی لەبەکارهێنانی ئامرازدا بۆ کردنەوەی ئەپڵیکەیشنی تیکتۆک مۆبایلی زیرەک بەکاردەهێنن، ئەمەش ئاماژەیەکی پۆزەتیڤە بۆ گۆڕانکاری وگەشەکردنی سروشتی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیان نوێی سەردەم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتە بڵاوکراوەکانی نێو نەوەکانی سێهەمی ئینتەرنێت.

**خشتەی (٦)**

**ڕۆژانەی بەکارهێنانی تیکتۆک لای گەنجان لەشاری سلێمانی**

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| یەکجار | ٥٣ | ٣٥,٣ |
| دووجار | ٢٥ | ١٦,٧ |
| سێجار | ٢٢ | ١٤,٧ |
| چوارجار وزیاتر | ٥٠ | ٣٣,٤ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠ |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٦) دەردەکەوێت کەلەڕۆژانەی بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنی تیکتۆکدا یەکجار لەرۆژێکدا بەپلەی یەکەم، ئەمەش ئاماژەیەکی گونجاوە بۆ سروشتی پەیوەندی سامپڵی توێژینەوەکە لەگەڵ دیارترین تۆری زیرەکدا.

**خشتەی (٧)**

**بڵاوکردنەوەی جۆری پارچەی ڤیدیۆیی لەتیکتۆک لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە**

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کۆمەڵایەتی | ٣٣ | ٢٢ |
| زانستی | ٩ | ٦ |
| رۆشنبیری | ٩ | ٦ |
| کەسی | ١٦ | ١٠,٧ |
| سیاسی | ٣ | ٢ |
| گەشتیاری | ٢ | ١,٣ |
| ئابوری | ١ | ٠,٧ |
| دینی | ٣٧ | ٢٤,٧ |
| وەرزشی | ٨ | ٥,٣ |
| هونەری | ٢٢ | ١٤,٧ |
| تەندروستی | ٥ | ٣,٣ |
| ژینگەیی | ٥ | ٣,٣ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠ |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٧) روون دەبێتەوە کەلەبڵاوکردنەوەی جۆری پارچەی ڤیدیۆیی لەئەپڵیکەیشنی تیکتۆکدا پارچە ڤیدیۆییە دینییەکان بەپلەی یەکەم دێت، ئەمەش ئاماژەیەکی دروست ورەنگدانەوەی سروشتی کۆمەڵگەی کوردییە.

**خشتەی (٨)**

**تیکتۆک دەتوانێت گۆڕانکاری لەرەفتاری گەنجان لەشاری سلێمانیدا بکات**

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٦٣ | ٤٢ |
| نەخێر | ٨٧ | ٥٨ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠ |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٨) دەریدەخات کەزۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە پییان وایە ئەپڵیکەیشنی تیکتۆک ناتوانێت گۆڕانکاری لەرەفتاریاندا بکات، ئەمەش ئاماژەیەکی شیاوە بۆ دروستی مامەڵەکردنی گەنجان لەگەڵ ئەپڵیکەیشنی تیکتۆکدا.

**خشتەی (٩)**

**رای سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بەگۆرانکاری لەجۆری رەفتاردا بەهۆی بەکارهێنانی تیکتۆکەوە**

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| رەفتاری کۆمەڵایەتی | ١٠٣ | ٦٨,٧ |
| رەفتاری سیاسی | ١ | ٠,٧ |
| رەفتاری دینی | ٢٩ | ١٩,٣ |
| رەفتاری رۆشنبیری | ١٤ | ٩,٣ |
| رەفتاری ئابوری | ٣ | ٢ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠ |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٩) دەردەکەوێت کەزۆرینەی زۆری گەنجان لەشاری سلێمانی لەبەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنی تیکتۆکدا گۆرانکاری لەرەفتاری کۆمەڵایەتیاندا رودەدات، ئەمەش ئاماژەیەکی مەترسیدارە بۆ داهاتوی گەنجان لەمامەڵکردن لەگەڵ تۆرێکی زیرەکی دیاری بەکارهاتودا.

**خشتەی (١٠)**

**رادەی گۆرانکاری لەرەفتارە کۆمەڵایەتیەکاندا بەهۆی بەکارهێنانی تیکتۆکەوە لای گەنجان لەشاری سلێمانی**

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کەم | ٦٠ | ٤٠ |
| مامناوەند | ٢٨ | ١٨,٧ |
| زۆر | ٦٢ | ٤١,٣ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠ |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٠) روون دەبێتەوە بەرادەیەکی بەرز گۆرانکاری لەرەفتارە کۆمەڵایەتیەکاندا رودەدات بەهۆی بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنی تیکتۆکەوە لای سامپڵی توێژینەوەکە، ئەمەش ئاماژەیەکی بابەتیانەیە بۆ وەڵامی پرسیاری پێشووی گەنجان لەشاری سلێمانی پەیوەست بەگۆرانکاری لەرەفتارە کۆمەڵایەتیەکاندا لەهەڵسوکەوتکردن لەگەڵ نەوەکانی سێهەمی ئینتەرنێت.

**خشتەی (١١)**

**ئارەزووی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ کاری هونەری ودواتر بڵاوکردنەوەی لەرێی تیکتۆکەوە**

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەردەوام | ٧ | ٤,٧ |
| هەندێکجار | ٢٦ | ١٧,٣ |
| بەدەگمەن | ١١٧ | ٧٨ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠ |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١١) دەردەکەوێت کەزۆرینەی گەنجان لەشاری سلێمانی بەدەگمەن ئارەزوو دەکەن بۆ کاری هونەری ودواتر بڵاوکردنەوەی لەرێی ئەپڵیکەیشنی تیکتۆکەوە، ئەمەش ئاماژەیەکی دیارە بۆ تێگەیشتنی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ مامەڵکردن لەگەڵ تۆرە زیرەکەکاندا.

**خشتەی (١٢)**

**هاندانی گەنجان لەشاری سلێمانی بۆ کاری میدیایی ودواتر بڵاوکردنەوەی لەرێی تیکتۆکەوە**

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەردەوام | ٥ | ٣,٣ |
| هەندێکجار | ٣٦ | ٢٤ |
| بەدەگمەن | ١٠٩ | ٧٢,٧ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠ |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٢) دەردەکەوێت کەزۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بەدەگمەن هان دەدرێن بۆ کاری هونەری ودواتر بڵاوکردنەوەی لەرێی ئەپڵیکەیشنی تیکتۆکەوە، ئەمەش ئاماژەیەکی گونجاوە بۆ مامەڵکردنی گەنجان لەشاری سلێمانی لەگەڵ تۆرە زیرەکەکاندا.

**خشتەی (١٣)**

**سروشتی رەفتاری کۆمەڵایەتی بەهۆی بەکارهێنانی تیکتۆک لای سامپڵی توێژینەوەکە**

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| رەفتاری کۆمەڵایەتی ئەرێنی | ٧٨ | ٥٢ |
| رەفتاری کۆمەڵایەتی نەرێنی | ٧٢ | ٤٨ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠ |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٣) دەریدەخات کەرەفتاری کۆمەڵایەتی ئەرێنی زیاتر رەنگدانەوەی لای سامپڵی توێژینەوەکە هەیە بەهۆی بەکارهێنانی

ئەپڵیکەیشنی تیکتۆک، ئەمەش ئاماژەیەکی باشە بۆ گونجاوی هەڵسوکەوتکردنی گەنجان لەگەڵ ئەم تۆرە زیرەکەدا.

**خشتەی (١٤)**

**بۆچونی گەنجان سەبارەت بەبەکارهێنانی تیکتۆک و ڕەفتاری کۆمەڵایەتیاندا**

| بەکارهێنان / بۆچون | رازیم | | بێلایەنم | | رازینیم | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | | |
| لەکاتی بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنی تیکتۆکدا زیاتر کارلێک لەگەڵ پارچە ڤیدیۆییە کۆمەڵایەتیەکان دەکەم. | ٥١ | ٣٤ | ٦٧ | ٤٤,٧ | ٣٢ | ٢١,٣ | ٢,١٣ | ٠,٧٣٥ |
| ئەپڵیکەیشنی تیکتۆک کارایم دەداتێ بۆ بڵاوکردنەوەی پارچەی ڤیدیۆیی کەسی وخێزانیم. | ١٥ | ١٠ | ٣٣ | ٢٢ | ١٠٢ | ٦٨ | ١,٤٢ | ٠,٦٦٨ |
| هەمیشە ئەپڵیکەیشنی تیکتۆک هانم دەدات بۆ کارایی کۆمەڵایەتی لەگەڵ چواردەورمدا. | ٢٩ | ١٩,٣ | ٦٠ | ٤٠ | ٦١ | ٤٠,٧ | ١,٧٩ | ٠,٧٤٧ |
| ئەپڵیکەیشنی تیکتۆک لەرێی پارچە ڤیدیۆییەکانەوە رەنگدانەوەی لەسەر رەفتاری نەرێنیم هەیە. | ٥٥ | ٣٦,٧ | ٥٧ | ٣٨ | ٣٨ | ٢٥,٣ | ٢,١١ | ٠,٧٨٢ |
| ڤیدیۆکانی ئەپڵیکەیشنی تیکتۆک هۆکارە بۆ پیادەکردنی رەفتاری کۆمەڵایەتی نەرێنی. | ٧٠ | ٤٦,٧ | ٤١ | ٢٧,٣ | ٣٩ | ٢٦ | ٢,٢١ | ٠,٨٣٠ |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٤) روون دەبێتەوە کەبۆچونی سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بەبەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنی تیکتۆک ورەفتاری کۆمەڵایەتیاندا لەبەرژەوەندی برگەی کۆتاییە کە ئاماژە بەوە دەکات (ڤیدیۆکانی ئەپڵیکەیشنی تیکتۆک هۆکارە بۆ پیادەکردنی رەفتاری کۆمەڵایەتی نەرێنی)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەپێویستە گەنجان بەئاگایی وگرنگیدانی زیاترەوە مامەڵە لەگەڵ نەوەی سێهەمدا بکەن ورەچاوی ئەوە بکەن کەهەموو بابەتێک نابێت بەرکەوتەیان بۆی هەبێت، چونکە رەنگدانەوەی خراپ لەسەر رەفتاریان دروست دەکات.

## دەرەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیاز

**- دەرەنجامەکان:**

**١.** بەشێکی دیاری گەنجان لەشاری سلێمانی ئەپڵیکەیشنی تیکتۆک بەکاردەهێنن بۆ زانینی هەواڵ وزانیاری.

**٢.** زۆرینەی زۆری سامپڵی توێژینەوەکە لەبەکارهێنانی ئامرازدا بۆ کردنەوەی ئەپڵیکەیشنی تیکتۆک مۆبایلی زیرەک بەکاردەهێنن.

٣. پارچە ڤیدیۆییە دینییەکان لەرووی بڵاوکردنەوەی جۆری پارچەی ڤیدیۆیی لەئەپڵیکەیشنی تیکتۆکدا بەپلەی یەکەم دێت لای گەنجان.

**- راسپاردە:**

١. زانکۆکان لەرێی سیمینار وسیمپۆزیۆم ۆرک شۆپ وتوێژینەوەکانیانەوە رۆڵی جدی بگێرن بۆ خستنەروی داتا وزانیاریەکان پەیوەست بەمامەڵەکردن لەگەڵ ئەم تۆراندا.

٢. رێکخراوە ناحکومیەکان ومیدیا فشار دروست بکەن لەکۆمەڵگەدا سەبارەت بەلایەنە نەرێنیەکانی پشت بەکارهێنانی ئەم ئەپڵیکەیشنانە.

**- پێشنیارەکان:**

١. داوا لەتوێژەرانی بواری میدیا دەکەین کەکار لەسەر رەنگدانەوەی بەکارهینانی ئەم تۆرانە بکەن لەرووی بەها وکۆزانیاری وبۆچون ودرکپێکردنەوە، چونکە لەبەکارهێنانی ئەم ئەپڵیکەیشنە لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە وبەپێی ئەنجامەکان بەدەرکەوت کەتیکتۆک رۆڵی نەرێنی لەسەر رەفتار هەیە.

٢. ناوەندە ئەکادیمی ورۆشنبیری وپەروەردەییەکان کاربکەن بۆ هۆشیارکردنەوەی زیاتری توێژی گەنجان بۆ بەکارهێنان ومامەڵەکردن لەگەڵ نەوەی سێهەمدا.

## سەرچاوەکان

1. Herrman, J. (2019). How TikTok is rewriting the world: TikTok will change the way your social media works—even if you're avoiding it. The New York Times.
https://www.nytimes.com/2019/03/10/style/what-is-tik-tok.html

2.DEBORAH D'SOUZA, What Is TikTok?, investopedia website,
https://www.investopedia.com/what-is-tiktok-4588933

3. Christopher, C. (2019) "The TikTok Effect: How TikTok Has Provided New Ways to Consume, Create, and Share Music." The International Journal of Arts Education. 8, p3.

٤. موقع العربية، كيف جعل مؤسس تيك توك التطبيق عالميا؟، (٢٠٢٢/٦/١٢)،
كيف جعل مؤسس تيك توك التطبيق عالميا؟(alarabiya.net)

٥. ماڵپەڕی تیکتۆک، (٢٠٢٢/٧/٢)،
https://www.tiktok.com/about?lang=en

٦. محمد فتحي يونس، محمد عبدالغفار، سمات المحتوى الاعلامي لتطبيق التيك توك دراسة مقارنة بين المنصات العربية والاجنبية، مجلة البحوث الاعلامية، العدد 54، ج الثالث، ص1632، 2020.

٧. سيلينا بيبر، هل التيك توك هي منصة التواصل الاجتماعي القادمة؟ تعرف على سر نجاحها، موقع كودادي، (٢٠٢٢/٥/٢١)، https://bit.ly/3SPAm0D

٨. حمد على، موقع جريدة الاهرام، مخاطر لتطبيق تيك توك تهدد المجتمع، (٢٠٢٢/٥/٢٣)،
https://gate.ahram.org.eg/News/2410934.aspx

9. Daniel ruby, How many TikTok Users, (2/7/2022)
https://www.demandsage.com/tiktok-user-statistics/

١٠. موقع الجزيرة (أ)، تيك توك.. كيف تحول إلى غول يهدد عرش فيسبوك؟ وهل حاول العملاق الأزرق القضاء عليه؟، (٢٠٢٢/٧/١٤)
https://bit.ly/3pmhb12

١١. موقع الجزيرة (ب)، بسبب فشله في حماية الأطفال..حماية المستهلك الأوروبية تقاضي تيك توك، (٢٠٢٢/٧/١٤)
https://bit.ly/3Al8xGf

١٢. ناوي دنيا و بن باية هبة، أثر استخدام موقع التواصل الاجتماعي تيك توك على قيم الاخلاقية لدى الشباب الجامعي، رسالة ماجستير غير المنشور، (كلية العلوم الاجتماعية والانسانية، جامعة الشهيد حمة لخضر- الوادي، الجزائر)، ٢٠٢١.

١٣. ولهي كنزة، استخدام الشباب لتطبيق التيك توك والاشباعات المحققة منه، رسالة ماجستير غير المنشور، (كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، جامعة محمد بوضياف-المسيلة، الجزائر)، ٢٠٢٠.

١٤. مها محمد فتحي، تأثير تعرض الشباب لفيديوهات التيك توك عبر هواتفهم الذكية على ادراكهم للقيم الاجتماعية في المجتمع، المجلة المصرية لبحوث الرأي العام، المجلد٢٠، العدد٣، ٢٠٢١.

١٥. خادم الله خديجة و روميصاء قماري، استخدامات تلاميذ الثانوية لمواقع التواصل الاجتماعي التيك توك نموذجا والاشباعات المحققة منه، رسالة ماجستير غير المنشور، (كلية العلوم الاجتماعية والانسانية، جامعة الشهيد حمة لخضر-الوادي، الجزائر)، ٢٠٢٠.

## دور التيك توك على السلوك الاجتماعى للشباب فى محافظة السليمانية

أ.م.د. ريبەر كوران مصطفى        م.م. نەبەز احمد حسن
م.م. دەشتی علی رشید

ملخص

يهدف هذا البحث الأدوار الذي يقوم به التيك توك على السلوك الاجتماعي لدى الشباب في محافظة السليمانية، هذا البحث من نوع البحوث الصفية الذي يعتمد على منهج المسح بطريقة رأي العام لعينة غير عشوائية قصدية من الشباب في محافظة السليمانية عددهم (١٥٠) مبحوث، ويستخدم في هذا البحث أداة استبيان لجمع البيانات والمعلومات يتعلق بأهداف البحث. وتوصلوا الباحثون في هذا البحث إلى مجموعة من النتائج، أهمها: بأن مستوى استخدام عينة البحث لتطبيق التيك توك عالية، وأن الشباب في محافظة السليمانية في استخدامهم اليومية لتلك التطبيق جاءت مرة واحدة في اليوم بالمرتبة الأولى، كما أغلبية عينة البحث في استخدام التيك توك

حدث بتغييرات في سلوكهم الاجتماعية، وأن الشباب في محافظة السليمانية يرون بأن مقاطع الفيديو لتلك التطبيق سبب لقيام سلوك اجتماعي سلبي.

The role of Tik Tok on the social behavior of young people in Sulaymaniyah Governorate

Asst. Prof. Rebar Goran Mustafa

Asst. lect. Nabaz Ahmed Hassan

Asst. lect. Dashty Ali Rasheed

**Abstract**

This research aims at the roles that Tik Tok plays on the social behavior of young people in Sulaymaniyah Governorate. This research is of the type of classroom research that relies on the survey method using the method of public opinion for a non-random, intentional sample of young people in Sulaymaniyah Governorate, numbering (150) respondents, and it is used in this Research is a questionnaire tool to collect data and information related to the research objectives. In this research, the researchers reached a set of results, the most important of which are: that the level of the research sample's use of the Tik Tok application is high, and that the youth in Sulaymaniyah Governorate in their daily use of that application came in first place once a day, and the majority of the research sample's use of Tik Tok occurred with changes. In their social behavior, young people in Sulaymaniyah Governorate see the videos of this application as a reason for negative social behavior.